به بۆنەی بیست و شەشەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕامان)دا ئەوانەی بابەتیان بڵاو دەکرێتەوە، هەڵگری بیروڕای جیاوازن

ئیسماعیل بەرزنجی

دووبارە دەرچوونـەوەی گۆڤـاری ڕامـان، لـە کاتـی دیاریکـراوی خۆیـدا، هەمووماننـی دڵشـاد کـرد، چ ئەوانـەی زۆر وتـار و بابەتیـان تێـدا بڵاوکردووەتـەوە، چ کەمنووسـێکی وەک مـن.

سـێ چـوار بـرادەر بـە یەکـەوە دانیشـتبووین، یەکێـک لـەوان قسـەیەکی زۆر جوانـی کـرد و گوتـی:

– بەڕاسـتی ئـازاد عەبدولواحیـد، عاشـقی ڕامانـە. نووسـەر، بـە تایبەتـی ئەگـەر ئەدیبیـش بێـت و ئەرکـی دەرکردنـی گۆڤارێکـی ئەدەبـی لـە ئەسـتۆ بگرێـت، بێگومـان عەشـقی بـۆ پیشـەکەی لەنـاو گۆڤارەکـەدا ڕەنـگ دەداتـەوە، مـن لەوەتـەی ئـازاد عەبدولواحیـد دەناسـم، لـە کار و ژیانـی ئەدەبـی خۆیـدا نووسـەرێکی جیـدی بـووە، لەنـاو ژاوە ژاوە و هـەرا و هۆریـادا، زۆر هێمنانـە بیـری کردووەتـەوە.

ڕامـان، لـە تەمەنـی خۆیـدا، چەنـدان هـەوراز و نشـێوی دیـوە، جاری وا هەبـووە بە عاسـتەم نووزەی لەبـەروە هاتـووە، بـەڵام کۆڵـی نـەداوە، هـۆکاری ئەمـەش بـۆ جیدییـەت و دڵسـۆزی سەرنووسـەر و ئـەو دوو سـێ کارمەنـدە دڵسـۆزە دەگەڕێتـەوە کـە کاری تێـدا دەکـەن.

یەکێـک لـە نیشـانە هـەرە جیاکەرەوەکانـی ڕامـان ئەوەیـە، کـە لـە مەعمەعـە و پەتـای سیاسـەت، خـۆی بـە دوور گرتـووە، لـە هـەر ژمارەیەکـدا ئـەو نووسـەرانەی بابەتیـان بڵاودەکرێنـەوە، هەڵگـری بیـروڕای جیـاوازن، بـۆی هەیـە لەنێـوان خۆیشـیاندا کـۆک نەبـن، بـەڵام لەبن ساباتی ڕووگەشیی (ڕامان) دا یەکیـان گرتـووە.

نووسـەر و ڕەخنەگـر و شـاعیری ناسـراوی عێـراق، عەلـی جەعفـەر عەلـلاق، کـە بـەم دواییانـە خەڵاتێکـی گـەورەی پـێ بەخشـرا، دەڵێـت:

– ئـەم خەڵاتـە لـە پـای دەقەکانـم نییـە، بەڵکـوو فەزڵەکـەی بـۆ گۆڤـاری – الأقـلام – دەگەڕێتـەوە کـە سـێ سـاڵ سەرنووسـەری بـووم.

ئومێـدەوارم ڕامـان، هەنـگاوی دیکـەی پـڕ لـە داهێنانـی بـەدواوە بێـت، ئەگـەر بارودۆخ لەبـار بـوو پـڕۆژەی جوانتـر بخاتـە سـەر ڕەوسـەی ئـەدەب و ڕۆشـنبیری کـوردی، هیـوای بەردەوامـی و لەشـساغی بـۆ هاوڕێـی دێرینـم ئـازاد عەبدولواحیـد دەخـوازم، پەنجـە و پەڕەمووچـی قەرەنـی جەمیـل و سـەرکەوت وەلـی و باسـم ڕەسـام و کەریـم سـۆفی مـاچ دەکـەم، کـە لـەو گۆڤـارە موعتەبـەرەدا داهێنانـی خۆیـان نمایـش دەکـەن.